# کورد .. بە ئینگلیزی بخوێنن باشترە.!

**موحسین جوامێر**

لە ژمارە 193 ی ڕۆژنامەی هێژای ( ئەڤرۆ) دا، ڕوونکردنەوەیەک لە گرووپی گهوورین ـ ەوە بە ناوی ( ل دۆر ئاخفتنێن " موحسین جوامێر " ی ) هاتبووە بەلاڤکرن.. تێیدا هێرشێکی بێپەروا دەکاتە سەر بەندە و دەبێژێت : ( موحسین جوامێر ئێک ژنڤیسەرێن کوردە و خو ب ڕەوشەنبیر دزانیت و بەحسێ زمانەکێ ئێکگرتی بو هەرێما کوردستانێ دکەت، ئەڤەژی خەونا مە هەمییایە.. لێ جهێ داخییە د هندەک سایتێن ئەنترنێتێ دا هێرشەکا توند و دژوار دکەتە سەر هێماییێن شێوەزارێ کرمانجی، مینا مالباتا بەدرخانییان سەرکێش و خزمەتکارێن زمانێ کوردی و ڕۆژنامەڤانییا کوردستانێ، وەکوو ( جوامێر ) دبێژیت ( جەردەچی و چەتێن تورکییانە و خائین ) ب سالووخەت ددەت).

جارێ بەر لە هەر شتێک، ئەز بە چاوی پیرۆزڕاگرتن تەماشای هیچ مرۆڤێک ناکەم و هەمیشە پێم وا بووە کە مرۆڤ - هەر چەندی مەزن بێت - ڕاستییانیش دەکات و شاشییانیش .. دووەم، بە هیچ شێوەیەک لە دەمی مندا دەرنەچووە کە وەسفی ( جەردەچی و چەتێن تورکیا و خائین ) م دابێتە پاڵ بەدرخانییان، ئەسڵەن من تا ئێستە ناوی وانم هەر نەهێناوە، چونکە ئەوان هەنووکە بابەتی باس ولێکۆڵینەوەی من نین.. ئەز قەبۆ ( تەحەددا ) ی ئەو بانگەشە و دەنگۆیە دەکەم، بلا دەستنیشانی ئەو ڕۆژنامەیە یان ئەو سایتە بکەن کە من قسەی بەم جۆرەم تیدا بلاو کردبێتەوە.

زۆر سەیرە، ئەو برایانەی ( ڕوونکردنەوە ) کەیان بلاو کردووەتەوە، ناوی خۆیان ناوە ( گرووپی گهوورین )، چونکە مەبەستیان گۆڕینی زمانی بەرنامەی خوێندنە .. نازانم گۆڕین لە چ زمانێکەوە بۆ چ زمانێک ؟ لە عەرەبییەوە بۆ کوردی ؟ یان لە تورکییەوە بۆ کوردی ؟ یاخود لە فارسییەوە بۆ کوردی ؟.. ئەگەر لە منیان بپرسیبایە ناوی گرووپەکە بکەن بەچی، پێم دەوتن ناوی بنێن ( گرووپی چارەسەری ) واتە چۆن لە ئاریشە و کێشان دەردەچی.. چونکە چارەسەری - ئەگەر ویست و ئیرادە هەبێت و سۆز و عاتیفە حوکم نەکات - بۆ هەر کێشە و گرێپوچکەیەک هەیە.

ئەز تەخمین ناکەم ئەو زمانەیەکگرتووەی نزیکەی سەد ساڵە پێی دەخوێندرێ و دەنووسرێ، لە عەرەبی یا لە تورکی یان لە فارسی، بۆ برازایەکی منی دهۆکی یان ئازیزێکی منی کرمانج؛ زۆر و زەحمەتتر بێت.. هەرگیز بڕوا ناکەم ( فرش الفراش الفراش ) یان ( قفز الولد من فوق البرميل ) ی ئەلفوبێی ( ساطع الحصري ) بۆ زاڕۆکێکی مە لە ئاکرێ یا لە دیاربەکرێ یان لە قامشلوویێ، لە ( دارا وەرە دەرەوە ) و ( دارا دوو داری دیت ) ی ( ئیبراهیم ئەمین باڵدار ) ساناتر بێت.

ئەڵمانیزمانێکی وڵاتی سویسرا - لە سۆنگەی دووریی دیالێکتەکەی لە هی ئەڵمانییەک، لێی ناگات، بۆیە هەردووکیان پەنا دەبەنە بەر زمانی یەکگرتوو، کە هەردووکان دەکا بەیەک نەک بە دوو.. نایەن، وەک هێندێک لە کوردان، سێ بەردە دەمستی نەتەوەکەیان بنێن و بێژن ئەگەر وەک زمان

دانمان پێ دەهێنن باشە، دەنا حاشا لە کورد چ ئەوەی باشە یان ئەوەی جاشە، هەروەک کابرایەک نووسیبووی لەسەر ڕووی شاشە، بێ ئەوەی بزانێ ئەو قسەیە چەند بڤەیە و چ قاس شاشە!

ئەو سەرهەڵدانەی کوردان کە برایانی خودان نووسینەکە لە دەستپێکی پەیامەکەدا باسی لێوە دەکەن و پەسندی دەدەن، بۆ ئەوە نەبووە کورد ببن بە ( شعوب و قەبائیل ) و لە یەکدی ببن بە گەلی تەواو جیاواز و نامۆ و هەر کەسماڵی خۆی بکات.. ئەگەر من بە شێوەیەک و تۆ بە زاراوەیەک، بنووسین، ئەوە لە پێش یان لە پاشەڕۆژێکی زۆر نزیکدا پێوەندیی نەتەوەییمان لە گەڵ یەکدیدا وەک پێوەندیی ئێمە لەگەڵ عەرەب، تورک و فارس - ی کۆن و ئێستەی لێ دێ، چ لە شار یان لە دێ.. ئەمەش حەقەقیقەتێکە، نە شیعرە و نە خەیاڵە کە بۆ هەستی شاعیران دێ.

لە کونفرانسە پەروەردەییەکەی مانگی پێشوو لە هەولێرێ بەسترا، خانمێکی پەرلەمانتار لە پەرلەمانی عیراقدا کە ناوی ڕەجاء حەمدوون عەبدوڵڵا بوو و ئەندامی لێژنەی پەروەردە و فێرکردنە لەوێ، ئامادە بوو.. دیار بوو دەیزانی کورد پاش ئەوەی وازی لە براکوژی هێنا، ئێستە خەریکی زمانکوژییە و سمکۆڵی بۆ دەکات.. لە دوای ئەوەی ئاخی ئەوەی هەڵکێشا کە کورد لە زمانی خۆیان قیت بوونەتەوە وشێخ ڕەزا واتەنی بۆی ( دێنە جەوەلان وەک حاجی لە تەوافا )، فەرمووی : ئێمە ئێستە لە هەوڵی ئەوە داین لەپاڵ کۆڕی زانیاریی عیراقدا، کۆڕی زانیاریی کوردیش زیندوو بکەینەوە، ئەگەرچی کوردی هێشتا هەر لەهجەیە؛ نەک زمان.! کە وای گوت، وتەی زێڕینی باوانی کوردانی لە ژیان دەرزوەرنەگرتووم هاتەوە یاد کە دەڵێت : مریشک هەتا خۆی خۆڵ نەکا بە سەروگوێلاکی خۆیدا ، دنیا ئەو کارەی پێ ناکرێت.

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە، ئاخۆ ئەگەر ئەو چارەنووسە تفت و تاڵە، ڕووبەڕووی کوردان ببێتەوە و هەر گرووپێک هەستێتەوە ماڵی خۆی بکات و بوخچەی خۆی تێک بنێت و بۆ ئەو مافەیش بەڵگە و پەیمانەکانی مافی مرۆڤت بۆ بخوێنێتەوە؛ کە ئەسڵەن پێوەندیی بە حاڵەتی کوردییەوە نییە.. جا کەوابوو ئەو خەباتەی شێخی پیران وشێخ مەحموودی حەفید و قازی محەمەد و بارزانیی یەکەم و بارزانیی دووەمییش کردیان، بۆ چ ئارمانجێک بوو.؟ بۆ ئەوە بوو لە گەلی کوردەوە ببین بە ( گەلانی کورد ) و پاشان کوردایەتییەکەیش نەمێنێ و هەر لایەنیک بە ناوی لەهجەکەیەوە بانگ بکرێت و کوردستانیش تۆ خۆش.؟

لە بەشێکی دیکەی ڕوونکردنەوەکەدا، سەیدایان لە ( گرووپی گهوورین ) دا دەبێژن : ( ژ لایێ ڕامیاری ئەم دبێژنە ( جوامێری ) بلا دیمکراسی و فیدرالی باش بخوینیت و ئێک بو وی باش شرووڤە بکەت دا فێر ببیت و بزانیت بدروستی دان پیدانێ ب مافێن هەمبەری بکەت )..ڕاستییەکەی، ئەم بڕگەیە پێوەندیی بە مەسەلەی زمانەوە نییە، زێتر هەڵچوونی عاتیفییە.. لێبەلێ ئەز دەبێژمە وان، ئەگەر مەبەست لە دیموکراسیەت ئەوە بێت، هەر کەس لە ئاوازێک بخوێنێت و کوردستان ببێتە کانتۆنات، ئەوا دەڵێم : لا أهلا بهذه الديمقراطية.! ئەگەریش مەبەست لە فیدرالیزم ئەوە بێت، کوردستان ببێتە هەرێمی زمانان و ببین بە گەلانی کورد، ئەوا دەبێژم : لا مرحبا بهذه الفيدرالية.!

لەو بڕوایەدام ئەگەر بێکەر و هامڵتۆن بیانزانیایە کورد لە زماندا ئەوەندە دیموکراتین، ئەوا ماددەی ( پەرەدان بە دیالێکتی شاران ) یان دەخستە دووتوێی ئەو بەندەی تێیدا جەخت لەسەر یاسای موحافەزات دەکات.. وەلیَ خۆ نەچووە بچێت، ئەویش ڕۆژێک هەموار دەکرێت و ئەو خاڵەی دەخرێتە ناو.. خەڵک وەک ئێمە نین؛ بە سەبرن.. خۆ کوردیش درێغی نەکردووە، بە پراکتیک وا خەریکن جێبەجێی دەکەن، ئەسڵەن هێندێک بە ئەوپەڕی خەباتی دەزانن.!

ئەگەر شای شاعیران ئەحمەدی خانی بەری سەدان ساڵ بەئەدەبانە ڕازی دڵی خۆی بەم شێوەیە دەربڕی بێت :

ئەز مامە د حیکمەتا خودێ دا

کورمانج د دەولەتا دنـــــێ دا

ئایا ب چ وەجهێ مانە مەحــرووم

بیلجوملە ژ بۆ چ بوونە مەحکووم

ئەوا لەمەولا هەر هەڵەیەک بۆ گۆڕینی سیمای نەتەوەییمان، بە کەرت و پەرتەوازەکردنی بۆ شێوەزار و لەهجەی جیاواز، لە ئەستۆی کوردەکە خۆیەتی.. بۆیە دەبێت سنوورێکی یەکجارەکی بۆ بانگەشەی ئاوا دابنرێت و ئەم جۆرە داوایانە لە ئاستی ڕەسمیدا بخرێنە بابی ( موحەڕەمات ) ەوە.!.

لە فەرموودەی ئەواندا کە دەڵێن ( موحسین جوامێر، ئێک ژ نڤیسەرێن کوردە و خو ب رەوشەنبیر دزانیت و بەحسی زمانەکی ئێکگرتی بۆ هەریما کوردستانێ دکەت، ئەڤەژی خەونا مە هەمییایە ).. ئەگەرچی خۆڕسک حەز لە ناوی ( هەرێم ) ناکەم، چونکە ئێمە دەوڵەتین، وەلێ کەیفم بەوە هات کە دەڵێن زمانێکی یەکگرتوو خەونا ئەوانیشە.. حەز دەکەم ئەوەیش بڵێم، من هەرچەندە هیوامە کورد هەمووی یەکدی بگرن، بەڵام بەر لەوەی بازی لە خۆمان گەورەتر باوێین؛ پێویستە نازی ئەو هێلانەیەی لە باشووری کوردستاندا هەیە، بگرین، بە تایبەتی ئەم زمانە ستاندارە خزمەتکراوەی هەمانە؛ بیخەینە سەرچاو نەک حەشاری بدەین لە نێو هەمبانە.. کە لەمەودوایش دەبێتە یەک لە زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بە دەرەوە دەبەسترێتەوە و دنیای بەرژەوەندیی سیاسی و ئابووری و زانستی؛ پێویستی پێی دەبێت.. نابێت لە بایەخی ئەوەیش کەم بکەینەوە کە ئەم زمانە ستانداردە هاوکات زمانی پایتەختە کە لە ساڵی 1970 وە کەم تا زۆر حوکمداری دەکات، چ لە سەردەمی ئۆتۆنۆمی و چ لە ڕۆژگاری سەربەخۆیی کە ئێستەیش هەر بەردەوامە و تەژییە لە خێرو بەرەکات.

( ب خۆزیا دەست ناگهە باقا کەزیبا ).. بە هیوای کوردستانی گەورە، بێین ئەم خانووچکە زمانەوانییە داتەپێنین و بیکەین بە وێرانە؛ لوتکەی نەفامییە هەم لەوێ هەم لێرەکانە.! بە کەڵکەڵەی ئەوەی هاونەتەوەمان کوردی کرمانج ژمارەیان زێترە، بێین دەست لە زمانێکی ستاندار بوەشێنین کە لە توانایدا هەیە هەر زانستێکی پی بنووسرێت؛ ئەو مەنتیقە هیچ گەلێکی هۆشیار قبووڵی ناکات وهیچ زانایەک نایخاتە تەرازووی عەقڵەوە.!.. بلا جارێ ئەم کوڕە گەورە بکەین، خوا گەورەیە بۆ کوڕێکی دیکە.!هەروەک خەسووەکە بە نووبووکەکەی خۆی گوت.

باکووری کوردستان، هەتا نەوەتەکان ـ مەگەر بەدزی ـ دەنا کتێبێکی کوردیی تێدا بە ئاشکرا چاپ

نەکرا.. من باش شارەزای ئەوێم، سەروبنی ئەو وڵاتە بپشکنی، بە قەدەر نیوەی شاری دهۆک کوردیزانی تێدا نییە.. لەشارێکی وەکوو دیاربەکر کە رۆحی کوردستانە، ئێستەیش زمانی ڕەسمیی ماڵەکان؛ تورکییە.. برۆ چیای قەندیل کە مەکۆی شەڕوانانی پەکەکەیە و هیوامە هەر سەرکەوتوو و بێوەی بن، زمانی ستاندار و یەکگرتوویان؛ تورکییە. ئەمە واقعێکە و زمانی کوردییش هەر ئەوەندە نییە کابرا بزانی بڵێت : چاوانی باشی.!

جگە لەوە، ئەگەر تۆ دیرۆکی پەیدابوونی زمانی ستاندارد بخوێنیتەوە، دەزانیت مەسەلەی ( زۆرینە ) ببڕببڕ ڕۆڵی لەو بڕیارەدا نەبووە، ئەوەی سەرپشک بووە تەنیا یاسای ( الأسبقية لمن في الساحة ) بووە. هەتا ساڵی 1974 زمانی ئەلبانی بە دوو شێوەزاری ( گێگی) و (تۆسکی ) دەنووسرا، پاشان کە بووە گەڕەلاوژەی لەهجان و لە هەر لایێ زمانێ دەبیسرا، بە فەرمانی ئەنوەر خۆجەی سەرۆک وڵات؛ دیالێکتی تۆسکی ـ زمانی کەمینە ـ کرا بە زمانی ستاندارد و لەوساوە هەموو شێوەکانیش بوون بە خوشک و برا.

بۆیە، دەکرێ حکوومەتی کوردستان بەڕێککەوتن لەگەڵ پیر و ئەختیار و زانا و سیاسەتوانانی باکوور رێک کەون ، زمانی ستانداردی باشوور بکرێتە زمانی ئەوێش و فێری بن مرۆڤی نوێ و کەون.. زاتەن هەموو شتێکی پێوەندیی لەگەڵ زمان و ڕۆشنبیریی کوردی هەبێت، بۆ گەلی باکوور؛ نوێیە..ساڵی 1983 بۆ ماوەی یەک ساڵ لە ئەنقەرە بووم، بەینم لەگەڵ کوردانی ئەوێ زۆر خۆش بوو؛ خۆشم ویستن.. رۆژێکیان چوومە ماڵی برادەرێکی ئازیز، دیار بوو ڕادیۆکەی لەسەر ئێستگەی کوردیی بەغدا دانابوو، بەرنامەکە بە بادینی بوو.. منیش وتم: خۆشە، وا نییە؟ گوتی : ئەرێ، لیبەلێ سۆرانییە، تێناگەم.!

من لەو قەناعەتەم کە سەرکردایەتیی کوردستان بۆ مەسەلەی ئاوا بڤە؛ ئەوەندە سافیلکە نییە بە دەستی خۆی ماڵی زمانی کورد وێران بکات..کارەکەیش زۆر لە ئیمزاکۆکردنەوە ـ با یەک ملیۆنیش بێت ـ مەزنتر و خەتەرناکترە و دەرهاوێشتەی ترسناکی بەدواوەیە.. وەلێ لە ئەگەری سەرکەوتنی ( لەهجەکاری ) دا، ئەوا سەرەتای خوێندنەوەی سوورەتی یاسینە بۆ ڕۆحی گەلێک کە دەوترێ ناوی کورد بوو، ڕۆژێک لە ڕۆژاندا.

لە سۆنگەی سەرنجەکانی گۆرینەوە، ئەگەر بەندە ( موخەییەر ) بکرێم لە نێوان خویندن بە چەند شێوەزارێکی کوردی و خوێندن بە زمانی بیانی ـ بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی ـ بێ هیچ دوودڵییەک ئینگلیزییەکە هەڵدەبژێرم، چونکە بۆ ئاسایشی نەتەوایەتیمان سەلامەتترە.. هەتا خوا دەکا کورد جارێکی دیکە لە خەوی غەفڵەت بە خەبەر دێن، ئەوسا ( لكل حادث حديث ) چ بۆ ئەوانەی ژیان بەجێ دەهێڵن یاخود ئەوانەی پەیتاپەیتا دێن.!

mohsinjwamir@hotmail.com